**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار:٤٦**

**مێژووی بڕیار: ١٩٩٢/١٢/٢٨**

## «بڕیار»

بەپێی حوکمی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر پێشنیازی بەرێز وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی و بڕیار لەسەردانی ئەنجوومەنی وەزیران. ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٢/١٢/١٥ دا ئەم بڕیارەی دا:

١- برگەی (دووەم)ی بڕیاری ژمارە (٢١) کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە رۆژی ١٩٩٢/١٠/٤ دا دەری کردووە، دەگۆڕدرێ و بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:

«ماڵە دەست بەسەر داگیراوەکان بە هەراج کردنی ئاشکرا (المزايدة العلنية) دەفرۆشرێن و سێ لە چوار بەشی نرخەکانیان دەخرێنە گەنجینە (خزینە)وە و ئەوەکەی تری بەسەر کەسانی ئەو مەفرەزەیەدا دابەش دەکرێ کە ماڵەکەیان گرتووە. بەڵام ئەو شتانەی لێبەدەر (استثناء) دەکرێن کە لەلایەن وەزارەت و دام ودەزگا رەسمییەکانەوە سوودیان لێ دەبینرێ و بەبێ بریتی (عوض) دەیاندرێتێ. لەم حاڵەتەشدا مەفرەزەکە بە چواریەکی نرخە قەبڵێنراوەکەی لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمەوە خەڵات دەکرێن».

٢- دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکا.

٣- ئەم بڕیارە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**نژاد احمد عزیز اغا**

**و. سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق**